ژمارەی قوربانیانی بومەلەرزەکەی ژاپۆن بەرزتر بووە



ئامارێکی نوێی قوربانیانی بومەلەرزەکەی ژاپۆن باوکرایەوە تا ئێستاش بڕێکی زۆری قوربانیان بە سەروشوێنن.

بەپێی ئەو داتایەی دەسەڵاتدارانی ژاپۆن باویانکردوەتەوە؛ تا ئێستا بەهۆی بومەلەرزە بەهێزەکەی یەکەم رۆژی ساڵی تازەوە 92 کەس گیانیان لەدەستداوە و 180 کەسیش بەسەروشوێنن، ئاماری پێشتریش ئاماژەی بە گیانلەدەستدانی 84 کەس و بەسەروشوێنبوونی 180 کەس دەکرد.
ئاماژە بە ئەوەشکراوە کە چرکە بە چرکە هیوای دۆزینەوەی بەسەروشوێنبوانی ئەم بومەلەرزەیە کەمتر دەبێتەوە و ژمارەی قوربانیانیش زیاتر بەرزدەبنەوە و بڕیندارانیش گیان لەدەست دەدەن.

یەکێک لە هەڵکارەکانی نەدۆزینەوەی تەرمەکان ئەو بارانە بەهێزەیە کە ناوچەکەی گرتوەتەوە و تا ئێستاش هەزاران کارمەندی هێزەکانی بڕگری ژاپۆن بەدوای بەسەروشوێنبواندا دەگەڕێن.

ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتانەی لەسەر پشتێنەی ئاگرە لە زەریای هێمن، بەمەش بوونە یەکێک لەو وڵاتانەی

کە زەرترین بومەلەرزە تێیدا رودەدات و مەترسی رودانیشی زیاترە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان.